مامۆستا جەعفەر

# مام جەلال

چاپی یەکەم

سلێمانی ٢٠٠٧

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)
سلێمانی ـ گەڕەکی ئاشتی ـ ١٠٤
شەقامی ئاشتی ـ٣٢ ـ ١٠٣٢
ژ.خانوو ـ ٦٢

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

- **ناوی کتێب:** مام جەلال
- **نووسینی:** مامۆستا جەعفەر
- **نەخشەسازی و بەرگ:** فەهمی جەلال
- **تایپ:** هەرێم جەزا
- **تیراژ:** ٣٠٠٠ دانە
- **ژمارەی سپاردن** (٣٥٠) ی ٢٠٠٧
- **چاپی یەکەم:** سلێمانی ٢٠٠٧
- **ژمارەی زنجیرە:** (٢٢٤)
- **چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک).ساڵی ٢٠٠٧

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێشەکی

پاش بڵاوبوونەوەی زنجیرە ستوونی (مام جەلال) لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا، ژمارەیەکی زۆر دۆستو ناسیاو، بەگەرمی پێشوازییان لێکرد، چەپکە گوڵی ئافەرینو ڕێزلێنانو دەستخۆشییان بۆ ڕەوانەکردم. من زۆر سوپاسیان دەکەمو هاندانی ئەوان نەبوایە، نەمدەتوانی هەروا بە ئاسانی لەسەر نووسینی ئەو ستوونە بەردەوام بوومایە. شان بەشانی بەرز نرخاندنو ڕێزلێنان، چەند کەسێکی تر کە خوویان بەهەڵڕشتنی جامی نەفرەتەوە گرتووە، گڕیان گرتو بەناوی خوازراوەوە، یان لەهەر شوێنو بۆنەیەکدا بۆیان لوابێت، بەرەی خۆیان، لەرێ



مەکتەبی بیروهۆشیاری

خوا، هاویشتۆتە مزگەوتەوە، ماڵی ئەوانیش ئاوابێتو زۆر سوپاسیان دەکەم.

من هەر جارێك، لەسەر هەندێ سایتی کوردی، یان ڕۆژنامەی ناوچەیی، چاوم بەنووسینی ساردو گوتاری بێتام دەکەوێت، کتێبی فەیلەسووفێکی ئەڵمانیم بیر دەکەوێتەوە، کە نێوی (هێلموت پلێسنەر)ەو نێوی کتێبەکەی "نەتەوەی بەجێماو Die verspätete Nation"[*]ە: ئەو سەرەڕای هەڵکەوتنی دەیان فەیلەسووفو بیریاری وەکو کانتو هێگڵو فۆیەرباخو مارکسو گۆیتەو... هتد، نەتەوەی ئەڵمان، بە بەجێماو لەکاروانی نەتەوەکانی تر وەسف دەکات. ئەو پێیوایە: بزاڤی نەتەوەیی لەئەڵماندا کاتێك گەیشتە قۆناغی ڕسکانو خەملینو پێگەیشتن، ئەمریکاو فەڕەنساو بریتانیا ماوەیەك بوو، قۆناخی شۆڕشی پیشەسازیو یەکگرتنەوەی نەتەوەییان کۆتایی پێهاتبوو. لەم چرکە نەگونجاوەی مێژوودا، بزاڤی نەتەوەیی ئەڵمانی لەشێوەی "ناسیۆنال سۆسیالزم"دا ـ نازی ـ خۆی نواند.

من بەڕاشکاوی ئەوە دەڵێم: ئێمە زۆرمان ماوە! هێشتا یەك لەسەدی ئەرکە نیشتمانییەکانی خۆمان جێبەجێ نەکردووە. شەڕی نێوان ڕاستیو ناڕاستی، ئازادیو نائازادی، پێشکەوتنو

---

[*] Plessner, Helmuth: Die verspatete Nation Suhrkam Taschenbuch. Frankfurt am Main 1988. S. 81.

دواكەوتن، رێنيسانسو مێشك داخراوی.... هتد، هێشتا يەكالا نەكراوەتەوە. هێشتا مەترسی هەيە: چەپ بەرامبەر راست بدۆڕێت! ناڕاست لەڕاست بەرێتەوە! دواكەوتن بەرە لەبن پێی بەرەی پێشكەوتن دەربكات! نەخوێندەواری گرەو لەخوێندەواری بەرێتەوە...هتد. ديسكۆرسی (گوتار) هێزی چەپو خوێندەوارو پێشكەوتنخواز تەمو مژاویو ئاڵۆزكاوو خۆڵەمێشييە، كە هەريەكە پێيوايە، براوەيەو تا دونيا دونيايە، بەناو جۆگەی باخچەكەياندا هەنگوينو شير دەڕواتو كۆتايی نايەت.

ئێمە لەراپەڕينو ٢٠٠٣و كۆمەڵێك نەبەرددا، براوە بووينو لەئەزموونی حكوومەتی هەرێمو پەرلەمان سەركەوتوو بووين. ئەم سەركەوتنە، جێگەی شانازیو بەختەوەری گەلی كوردستانە، ئەگەر بتوانين وەكو چاوی خۆمانی بپارێزين، ئەزموونەكە دەوڵەمەندترو قووڵترو بەردەوامتر بكەين، ئەوە هەنگاوێكيترمان بەرەو پێشەوە ناوە.

ئەگەر لەجێگەی خۆماندا هەڵچەقاينو وەستاينو لەبازنەی بەتاڵدا سووڕاينەوە، ئەوە گروپو دەستەی تر، ڕەنگە پێشمان بكەونو تاجی سەركەوتنی (١٩٩١ و ٢٠٠٣) لەدەستمان بپچڕێننو تەرازوی هاوسەنگی ديموكراتی بشێوێتو لەدەست دەرچێت.



بۆيە هەركەسێك پێيوابێت: ئێمە گەيشتووينەتە لوتكەو ئەم كەپكە هەتا ماوە هەر بەدەستمانەوە دەبێتو هيچ گۆڕانێكی بەسەردا نايەت، ئەوە پێچەوانەی ديالێكتيكو مەنتيقی گۆڕانە، كە هيچ شتێك وەك خۆی نامێنێتەوە. هەركەسێك، پشتی لێ بكاتەوەو ساردببێتەوە، ئەوە ئێمە نابێ سارد ببينەوەو چارەنووسی خۆمان تەسليمی چاوەڕوانييەكی بێسەروبەر بكەين. هەر كەسێك بەسەر شاخدا سەركەوتبێت، ڕاستيەكی سادە دەزانێت، لەخوارەوە لوتكەيەك بەدی دەكات. هەر گەيشتە ئەو لوتكەيە، لوتكەی تر دەردەكەوێتو دوا لوتكە درەنگتر دەردەكەوێت. چارەسەری بڕينی هەورازو تێپەڕين بەناو بەفردا، خۆبەدەستەوەدانو خۆدواخستنو ساردبوونەوە نييە، چونكە مەترسيی ڕەقبوونەوە زۆر گەورەيە.

## كانياوی نووسين:

رۆژنامەنوسێكی ئەورووپی هاوڕێم، لەيەك كاتدا بۆ دوو سێ رۆژنامەی دەنووسی، هەر رۆژە لەسەر بابەتێكو هەر رۆژەش لەشوێنێك كاری دەكرد. رۆژێكيان پێمگوت: ((مايكڵ تۆ لەرەسوڵی نادریو برايمی قادریو سەيد محەمەدی سەفايی دەچيت، هەر رۆژە لەشايیو زەماوەندێكو هەر رۆژە لەگوندێكو هە رۆژە

لەئاوازێك؟))، ئەویش گوتی: ((من مووچەم بۆ نەبڕاوەتەوەو بەگرێبەست بۆ ڕۆژنامەكان دەنووسم. ڕۆژێك نەنووسم، هەر ئەو ڕۆژە گرێبەستەكەم هەڵدەوەشێتەوەو نانم دەبڕێت..)) منیش گوتم: ((هەر هەموو ئەڵمانیام لەسەر تاپۆ بكەن، ناتوانم دوو ڕۆژ وەكو تۆ كار بكەم..)).

هەر بەڕاستیش زۆر كەس وایە، دەتوانێ دەیان كتێب لەسەر بابەتێك بنووسێت، هەر بۆ ئەوەی دەستكەوتێكی ڕاستەوخۆی هەبێت. (كارڵ مای) یەكێك بووە لەو نووسەرانەی سەبارەت بەو گوشارەی خراوەتە سەری بۆ چاپخانەو خانەی بڵاوكردنەوەكان ڕۆمان بنووسێت. ئەو هەر لەدوورەوە ناوی شوێنێكی بیستووە، كەچی ڕۆمانێكی دووردرێژی لەسەر كوردستان نووسیوە، لەسۆنگەی ئەو كتێبەوە زۆر ئەڵمان كورد دەناسێ!

نووسینەكانم لەتەرزەو بارانو كڕێوە دەچن. تا هەوری بەهاری بەری ئاسمان نەگرێت، هیچ نابارێت، با بەهەزاران پەپوولەی نزاو پاڕانەوە، ڕووەو ئەستێرە دوورەكان بفڕن! نووسینو نەنووسینی منیش ئاوا بەدەستی خۆم نییە. بەئارەزووی ئەمو ئەو بوایە، ئەمدیو ئەودیوی ئەزمەڕو گۆیژە كانیاوی زۆرو زەبەند بەلاپاڵەكانیدا خوڕەیان بهاتایە. من خۆشم نازانم بەكام مۆسیقاو ئاواز، وشەكانم، یەكسەر بۆ ڕەشبەڵەكو سەما، دەستدەگرن؟



دەنووسم! هەر زۆر بەڕاشكاویش دەنووسم! ئیدی خەمو پەژارەی ئەوەم نییە، كام چارەنووس چاوەڕوانم دەكاتو مەلە سركەكان لەسەر كام سەبەتە، نان دەفڕێنن؟

مەولەوی تاوەگۆزی سادەترین بۆنە: چەپكێك نێرگز، نامەیەك، پرسیارێك.. هتد، لای بۆتە مۆتیڤی لەدایكبوونی شیعرێك. بۆنەی گرنگو كاریگەریش بۆتە هەوێنی لەدایكبوونی غەزەلێك، بەڵام ئەو شیعرانەی بۆ بۆنەی زۆر سادەش نووسراون شاكاری زۆر بەرزنو زۆرجار مرۆڤ نازانێ چی پاڵی بەمەولەوییەوە ناوە ئەو كارە بنووسێت؟

## مام جەلال و سەرۆك كۆمار:

ڕەنگە یەكێك پێیوابێت، من ئەو چەند ستوونەم لەسەر مام جەلال نووسیوە، لەبەرئەوەی ئەو ئێستا سەرۆك كۆماری عیراقە! دیارە من ئەگەر مام جەلالم لەنزیكەوە نەناسیباو هەواڵی نەخۆشیەكەی بەرگوێم نەكەوتبا، بیرۆكەی ئەو نووسینەم بۆ نەدەهات. كاتێكیش ئەو دێڕانەم نووسیوە، نەمزانیوەو كەسیش نەیزانیوە چی ڕوودەدات!

پێش مام جەلال، سەرۆك كۆمارو دەسەڵاتداری زۆر گەورە هەبوون، بۆ بۆ كەسێكی ترم نەنووسیوە؟ ئەوە قەڵەمی من نییە

بۆ دەسەڵاتو دەسەڵاتدار بنووسێتو بەچەمکی خەونی نزیکبوونەوە بەسمبۆلێکەوە خۆی هەڵواسێتو بەبێ رەچاوکردنی پرنسیپی ئازادیو تۆلەرانسو بەرژەوەندی گشتی.

من لەسەر چەندین کەسم نووسیوە، یان ناوم هێناون، رەنگە کەم لێپرسراو هەر ناویشیانی، بەرێکەوت بەرگوێ کەوتبێت: (مامە عەلە "عەلە رەش"، رزگاری جەراح، ئەحمەدە خۆڵە ناسراو بەئەحمەدد وانێك، ...). هەر کەسێك رۆمانی (ئەڵوەنو ئەفسانە) بخوێنێتەوە، ناوی دەیان کەسی رەشو رووتو برسیو بەلەنگازی بەرچاو دەکەوێتو نەمویستوە رۆمانێك تەنیا لەسەر کۆمەڵی ئەوروپی، یان توێژێکی سەرەوەی کۆمەڵی کوردستان بنووسم.

## ئازادی رەخنە:

پێش دروست بوونی (ی. ن. ك) رێکخراوی کۆمەڵە (کملك) تەمەنی پێنج ساڵ بوو. من ئەندامی کۆمەڵە بووم. ئەو برایانەی لەگەڵیاندا کارم کردووە، ئەو راستیە چاك دەزانن، کە من کوێرانەو بەچاوبەستی رەدووی گەردەلوولی ئایدۆلۆجیا نەکەوتبووم.

کاتێك (ی. ن. ك) لە ١٩٧٥/٦/١ دامەزرێنرا، شێوەی کارو تێکەڵاوبوونو جیاوازی نێوان بۆچوونو بیرکردنەوەو جیهانبینی کۆمەڵەو باڵەکانی تر، بەڕوونی دەبینرا. کادرە پێشکەوتووەکان



وەکو بەشێك لەکولتووری گەنجانی پاش ١٩٧٥ رەخنەیان لەدارو بەرد دەگرتو نیشانەی پرسیاریان دەخستە سەر هەموو شتێك.. ئەو ماوە کەمەی لەقەرەداخ شەهید ئارامم بینی، ئەویش یەکێك بوو لەوانەی بۆچوونو سەرنجو تێبینی خۆی هەبوو، دەربارەی شێوەی کارو خەباتی ناو (ی. ن. ك).

جاران ژیانی فیکری ناو شانەی رێکخستنو دەستە چەکدارەکان وەکو ژیانی فیکری ریزەکانی رێکخستنی ئێستا نەبوو. هاوڕێیانی کۆمەڵە وەکو دۆستو یارانی مەسیح بوون. نموونەی لەخۆبوردنو فیداکاریو خۆنەویستیو گیانی یەکسانی تێبینی دەکرا. هەموو دێوانەو سەرمەستی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕیو شەیدای ((یەکسانی رەها))و دیسپلینی ئاسنینو کتێب خوێندنەوەو رەخنەگرتن بوون. لەچەكو تاقمو حەرەسیاتو نان دابەشکردنو ئاو دابەشکردن، هەر شتێك دە جار دەژمێردراو هەر نانێك بەشێوەی هەندەسیو کێشو قورسایی، پشك پشك دەکرا، ئینجا بڕیاری دابەشکردنی دەدرا... لەخواردنو خەوتنو جلوبەرگو پولو پارەو ئەرکو فرمان، پێشبڕکێ لەسەر بەرزترین پلەی گیانی یەکسانی هەبوو. فەرماندەی عەسکەری لەهەموو ئازا ترو شەڕکەرترو فیداکارتر بوو. بیرمە، ئەو کاتەی فەرماندەی دەستەیەك بە (پ. م)ێکی بگوتایە: ((هاوڕێ نۆرەی حەرەسیاتی تۆیەو بۆ ئەو هەورازە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

برۆ..)) ئەو یەکسەر دەیگوت: ((ئەی خۆت بۆ ناچیت.. هاوڕێ گیان؟)).

مام جەلال زۆرجار خۆی سەردانی دەستە چەکدارەکانی دەکرد، لەگەڵ (پ. م)و کادرو فەرماندەی شەڕی پارتیزانی دادەنیشت. یەکەمین جار باسێکی بارودۆخی ئەو کاتەی دەکردو لەکەموکوڕیو کێشەو گیروگرفتیانی دەپرسیو هەوڵی چارەسەرکردنی دەدا. زۆرجار (پ. م) راستەوخۆ رەخنەی لەسەرکردایەتیو شێوەی کارو خەبات دەگرتو مام جەلال بەقسەی خۆشو نوکتە وەڵامی رەخنەکانی دەدایەوە.

لەیەکێك لەکۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی (ی. ن. ك) ـ بەهاری ١٩٨٠ ـ مام جەلال، سەبارەت بەگۆڕانکارییە دراماتیکیەکانی ئەو کاتە، پێشنیارێکی سێ برگەیی پێشکەش کرد. دانیشتنەکە شێوەیەکی بازنەیی هەبوو. من لەدەستی راستی مام جەلالەوە دانیشتبوومو پاش ئەو، قسەکردنو گفتوگۆ لەدەستی چەپەوە دەستی پێکرد. بیستو شەش ئەندامی (م. س)و سەرکردایەتی پێشنیارەکەی مام جەلالیان پەسەند کرد. کاتێك نۆرە گەیشتە لای من، کار لەکار ترازابوو. من گوتم: ئەگەر بەگوێرەی پرنسیپی کەمایەتیو زۆرایەتی بێت، ئێوە (٢٦) دەنگو من یەك دەنگم هەیە، بەڵام من قەناعەتم بەبۆچوونێکی زۆر جیاواز هەیەو



دەمەوێ بۆ مێژوو، بۆچوونەکەی من تۆمار بکەن. من لەقسەکەی خۆم بوومەوە. مام جەلال دەستی بەرزکردەوەو گوتی: من خۆم سەدی سەد پێشنیارەکەی مامۆستا جەعفەر پەسەند دەکەم..

ئەم سەربردەیە، گەورەیی مام جەلال پیشان دەدات. لەکۆبوونەوەو دانیشتنی تریشدا، بەرامبەر قسەی مەنتیقیو بەلگەی لۆجیکی بۆچوونی خۆی گۆڕیوەو سوور نەبووە لەسەر هەڵەو هەڵوێستو بڕیاری ناڕاست. ئەمەش یەکێکە لەنهێنیەکانی سەرکەوتنی مام جەلال لەکاری سیاسیدا.

**سانسۆر:**

دەمتوانی پاش بڵاوبوونەوەی ستوونی (١٨) دەیان ستوونی تریش بنووسم. بەشێك لەدۆستو هاوڕێکانم، هەستیان بەوە کردبوو، کە زنجیرە ستوونەکەو قسەی من لەسەر مام جەلالو (ی. ن. ك) هێشتا زۆری بەبەرەوە ماوە!

ئەوەی راستی بێت، من خۆمم بۆ نووسینەکە هیچ ئامادە نەکردبوو، کە "بۆم هات" نەمتوانی نەینووسم، بەڵام بەڕاشکاوی ئەوەش دەنووسم: مقەستی سانسۆری دەروونی، ملی چەندین ستوونو نیمچە ستوونی قرتاندووە. هەندێ جار وشەیەکم بەرچاو کەوتووە، یان دەستەواژەیەك زەق بووە، هەرچیم کردووە، ئەلتەرناتیڤم بۆ نەدۆزراوەتەوە. بەڕاستی کارێکی زۆر ئاڵۆزو دڵ

ئازاردەرە، بەکوردی بنووسیت. رستەیەك، تۆ بەهەر شێوەیەك دایدەڕێژیت، هەندێ خوێنەری رۆژهەڵاتی، سەرجەمی نووسینەکەت لەبەرچاو ناگرێت، بەڵکو بەپەرەگرافێکەوە، بەوشەیەکەوە دەگیرسێتەوەو تا سەر چەم ناوەستێت.

لەستوونێکی قرتێنراودا نووسیبوم: ((مام جەلال پیاوێکی تۆلەرانس tolerance... شێوازی ـ تسامح ـ هەیە)) ناسیاوێك نزیکم بوو، پێمگوت: ((ئەگەر ئەم رستەیە وابنووسم))، یان بنووسم: ((کێ ئەوەندەی مام جەلال بڕوای بەتۆلەرانس هەیە؟ ئاساییە؟)) ئەو گوتی: ((بۆ ئێرە هەر زۆر نائاساییە. یەکێکی تر رستەکە بەم شێوەیە ناخوێنێتەوە، کە تۆ مەبەستتە، بەڵکو یەکسەر دەڵێت: دیارە مامۆستا جەعفەر مەبەستی ئەوەیە، خەڵکی تر ناتۆلەرانسە، یان تۆلەرانسی نییە..)) ئەمەیە کێشەی نووسینی کوردی، بەوردی سەیری دیوی پشت رستەکان، یەك بەیەك دەکەن. هەر وشەیەك لای ئەوان بەدەیان بارگەی گومانو سەرسوورمانو پرسیار بارگاوی کراوەو هەزارویەك مووی نەبینراو لەناو جامە ماستەکەدا دەدۆزنەوە.



**بیرەوەری:**

کێشەیەکی تری من ئەوەیە، من نامەوێ بیرەوەری خۆم بنووسمەوە.. یان راستتر رستەکە داڕێژمەوە، من حەز ناکەم بیرەوەری خۆم بنووسمەوە. دەتوانم لەسەر ئەزموونی خۆمو گەشتی ژیانم بنووسم. رەنگە هەندێ لاپەڕە، لەئەزموونو ژیانی مندا هەبێت، لای خوێنەری ئازیز شایانی خوێندنەوە بێت، بەڵام نا! نا! من نەنووسین، لەنووسین بەجوانتر دادەنێم.

من بیرەوەری خەڵکی ئەورووپیم خوێندۆتەوە، بەڕاستگۆیی هەموو شتێکیان درکاندووەو نووسیوەو کەمتر فلتەریان بۆ قسەکانی خۆیان داناوە. یەکێکی وەکو ڤیللی برانت، کە یەکێك بوو لەکەسایەتیە بەناوبانگەکانی جیهان، راستی ئەوتۆی لەسەر دایكو باوكو نەنكو باپیرەی خۆی نووسیوە، کەس لەئێمە، دوو سەد ساڵی تریش، لەڕووی نایەت، راستی ئەوتۆ، لەسەر خۆی بنووسێت. برانت، لەبیرەوەرییەکانیدا دەنووسێت: ((ساڵی ١٩٤٨ پێویستیم بەهەندێ بەڵگەنامە هەبوو بۆ گێڕانەوەی مافی هاووڵاتیبوونم. لەڕووم نەهات راستەوخۆ بەدایکم بڵێم: دایە باوکم ناوی چییە؟ بەنامە پرسیارەکەم ئاڕاستەی کردو هاویشتمە ناو زەرفێکەوەو بەپۆست بۆم رەوانە کرد. پاش ماوەیەك دایکم لەتە کاغەزێکی بۆ

ناردمەوەو لەسەری هەرئەوەندەی نووسیبوو، ناوی ئەو: جۆن مویلەرە...))*

سیاسیەکی ئێمە، بەخۆشمەوە، یەك لەهەزاری ڤیللی برانت ئازاو بوێر نینو بتوانین چوار دێڕ لەسەر خۆمان، بەڕاستی بنووسین.

نوکتەیەك لەسەر یەکێك لەوانە هەیە، کە بیرەوەری خۆی نووسیووەو بڵاویکردۆتەوە. گوایە هەر بەرگێك لەبیرەوەریەکانی بڵاوبۆتەوە، لەشارێك لەشارەکانی کوردستان، بیست سی ژنو مێرد لەیەك جیابوونەتەوە. من شیکردنەوەیەکی فرۆیدیانەم بۆ بیرەوەری کوردی هەیە. نووسەر بۆی ڕێکنەکەوتووە، بەدەستی خۆی تۆڵە بکاتەوەو زیان بەکەسێك بگەیەنێت، هەر هەموو کێشە دەروونیەکانی بۆ سەر لاپەڕەی بیرەوەری داماو هەڵگرتووەو لەوێ حیسابات یەکالا کراوەتەوە.

دیارە ئەمە هۆیەك بووە، کە من لەم زنجیرە ستوونەدا، نەمهێشتووە، درەختی بیرەوەری سێبەری خۆی بەسەر نووسینەکەدا بڵاوبکاتەوە. لەوەدەچێ، بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم شێوازێکی نووسینی تایبەتم گرتبێتەبەر، کە بریتیە لەپێکهێنانی چەپکە گوڵ: بیرەوەری خۆمو لێکدانەوەی سیاسیو باسی کەسایەتیەکی مێژوویيو بۆچوونو... هتد.

* Brandt, Willy: Erinnerungen. Spiegel – Verlag. Hamburg 2007. S. 92



نامەوێ ئەو راستیەش بەژێر لێوەوە بکرێت، کە من بڕوام بەوە هەیە، نووسەرو رووناکبیرانی ئێمە، پێویستە سوود لەکولتووری نووسینی پۆزەتیڤی نووسەرانی رۆژئاوایی وەربگرن. من ناڵێم: لەوێ رەخنەو هەڵسەنگاندنو لێکدانەوە باوی نەماوە! لەوێ بەگشتی، رادەی کاری تیۆریو فەلسەفی باوە. هێرشی نارەواو رەخنەی بێبنەماو تاوان دروستکردنو رێزنەگرتنی بەرامبەر، زۆرجار لەبەرامبەریدا رێگەی قانوونیو دادگاو سزا، دەخرێتە گەڕ، بۆیە شەقڵی ناراتسیۆنال (ناعەقلانی) لەنووسیندا، کەمتر بەدی دەکرێت.

دەربارەی شاعیرێکی وەکو گوێتە، یان بێرتۆلد برێشت، رەنگە بەهەزاران کتێب نووسرابن. برێشت نزیکەی (١٢٠٠٠) دوانزە هەزار ناونیشانی کتێبو نامیلکەو گوتاری لەسەر هەیە، کە لەچاو گوێتە هەر زۆر زۆر کەمە. بەرامبەر بەو ژمارەیە، کە بەپۆزەتیڤ نووسراوە، بەدووری نازانم دە بیست کتێبێك هەبێت، کە بەچاویلکەیەکی رەش سەیری کەسایەتیەکی ئەدەبی، یان سیاسی کرابێت...

پێش ساڵی ١٩٩١ ئەگەر جۆرە کولتوورێکی سیاسی نێگەتیڤ برەوی هەبووبێت، ئەوە پاش راپەڕین بیانووی برەوپێدانی نەماوە. ئەو کاتە گەلێك لەخەباتی نێگەتیڤ بووە: خەبات بۆ

مەکتەبی بیروهۆشیاری

رووخانی رژێمێكی كۆنو داتەپیو كراوە، تەپو تۆزو دووكەڵو گرمو هووڕی بەدوادا هاتووە. ئەدەبیاتی سیاسی بەرامبەر رژێم، بێگومان دۆستانەو هەڤاڵانەو پۆزەتیف نەبووە. زمان، زمانی شەڕو گوللەو بارووتو هەڕەشە بووە. ئەم زمانە، هێزە سیاسیەكانی ناو سەنگەری دژ بەرژێم، دژ بەیەكتریش بەكاریان هێناوە. تەنانەت باڵە جیاجیاكانی ناو یەك هێزی سیاسیش، هەمان ئامرازو هەمان زمانو هەمان چەكیان بەكارهێناوە. ئەو قۆناغە كۆتایی پێهاتووە، بەڵام هەندێ مێشك، بەكولتووری قۆناغی پێشووترەوە فرچكی گرتووەو رەشەبای گۆڕاندن، هێشتا لەهەندێ بازنەی داخراوەوە دوورە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

## (١)

رۆژی یەك شەممە ٢/٢٥ زۆربەی زۆری خەڵكی دڵسۆزی كوردستان بۆ ماوەی چەند سەعاتێك دەستیان لەسەر دڵی سەربڕاویان بوو، پاش ئەوەی هەواڵی تێكچوونی باری تەندروستی مام جەلال بڵاوكرایەوە. پەڵە هەورێكی رەش و گرژ بەری ئاسمانی هیواو ئومێدی گرت. مرۆڤە راماوەكان وەكو كەڕوڵاڵ بەیەكدا دەهاتن و دەچوون. بارانی خەم و ئازاری بێسنوور، نم نم گۆنای زەوی سوتاوی تەڕ دەكرد. جۆگەی ئاگرینی فرمێسك و قوڵپەی هەنسك و گریان بوركانێك بوو، ماچی لێوی ئەستێرە تۆراوەكانی دەكرد.

خەڵكی شارو دێ لەسەر بانێژەو بالكۆنەكانیانەوە، خێریان دەكردو هەزاران دەستی پاڕانەوە بەلەرزینەوە، بەرەو ئاسمانی زۆر دوور بەرز دەكرانەوە: "ئەمجارەش مام جەلال هیچی لێ نەیەت".



مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ژنان قژیان دەڕنیەوەو هۆن هۆن فرمێسكیان هەڵدەوەراند. ناڵەو چریكەی هەڵكروزاوی رەش و رووت و ئاوارەكان تا دوا بەتڵی شەو، هەر دەنگی دەدایەوە. لە (٢٤) سەعاتی رابوردوودا یەكێكم نەبینیوە لەناخەوە رانەچڵەكیبێت و تووشی دڵەڕاوكێ نەهاتبێت. یەكێكم نەبینیوە دوێنێ شەو پڕ چاوانی نوستبێت و سەری لەبن مۆتەكەی پەژارەیەكی گەورەدا نەپلیشابێتەوە.

دوێنێ ئێوارێ لەگەڵ پێنج هاوڕێی تردا، بەدەووری مێزێكی داماوەوە، سەرمان بەیەكەوە نابوو. هەریەكەمان دەیەویست، لەقوژبنی دڵێكی هەڵقرچاوەوە، كێوی نهێنییەكی سووتێنەر پووش بەسەر بكات. لەپڕ دەنگی زەنگی مۆبایلی هەر شەشمان، كەوتە لێدان. لێدانی دڵی ئێمەش لەودیوی دیوارەكانیشەوە دەبیسترا. نهێنی شاراوەی قووڵایی دڵمان خۆی هاویشتە سەر مێزە داقوپاوەكەوە. بزەی سەرلێوان پەڕی و دەم و چاوە خەمبارەكان رەش داگیرسان. دوێنێ شەو نازانم چەندجار لەخەو راچڵەكیم؟ نازانم چەند خەوی ناخۆشم بینی و نەبینی؟ بەیانی لەشووشەی پەنجەرە تەماویەكەمەوە، بەدوو دڵی روانیم.. ئەزمڕو گۆیژەو پیرەمەگروون پێدەكەنین و خەنیبوون. بارانی شادی بەسەریاندا دەباری و كۆلكە زێڕینەی بەختەوەری سلێمانی و هەموو كوردستانی لەئامێز گرتبوو.

زانیم! هەر یەکسەر زانیم ئەم شارەو بست بەبستی نیشتمان بۆ پێشوازییەکی گەرمو گوڕ خۆی دەڕازێنێتەوە. هەزاران چەپکە گوڵی زەردو سووری دڵسۆزی هەر لەئێستاوە چاوەڕوانی ڕۆڵەیەکە، کە بۆ سەرفرازیو سەربەرزی ئەم وڵاتە، گەورەترین فیداکاری پێشکەش کردووە.

٢٠٠٧/٢/٢٦





مام جەلال و جۆرج بۆش (ئەرشیفی کاک سەلاح ڕەشید)

مەكتەبی بیروهۆشیاری

## ( ٢ )

ڕۆژی ٢/١٨ كاتێك بیستم مام جەلال دەگاتە فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی، لەگەڵ چەند هاوڕێیەكدا بۆ پێشوازی چووین. دەرگای فڕۆكەكە خرایە سەرپشت. نەگوڵو نەمۆسیقاو نەڕێوڕەسمی پرۆتۆكۆلیم بەدی كرد. خڕی نێوزەنگو تووژەڵەو نۆكانم بیركەوتەوە. مام جەلال لەسەرخۆ دابەزی. هەنگاوەكانی بڕێك قورسو گران هاتە پێش چاوم. هیلاكیو ماندووبوونی پێوە دیار بوو. كەسایەتیە كاریزماكانی مێژوو، گوێ بەپرۆتۆكۆڵو ئەتەكێتو ڕەسمیات نادەن. ئەوان لەدەرگای بینراوی مێژووی سیاسییەوە نایەنە ژوورەوەو دەرگای نەبینراوی خۆیان هەیە.

تەمو مژی دارستانێك پرسیار، بەرچاویان گرتم. ڕیزێك هەڤاڵی ڕێگەی شەست ساڵەی ڕابوردوو، بەتەنیشت یەكەوە وەستابوون. ئەو یەك بەیەك تەوقەی لەگەڵدا كردن. لەدوورەوە هەوری



مەكتەبی بیروهۆشیاری

نیگەرانی لەناو مێشكمدا بروسكەی دا. هەرچاوی پێم كەوت، ئەوەندە بەگەرمییەوە تەوقەی لەگەڵدا كردم، ئەو پەڵە هەورە ڕەشەی نیگەرانی بەچاوتروكاندنێك ڕەوییەوە.

بیركردنەوە، بەراوردكاریە. بەراوردكاریش بیركردنەوەیە: بڕگەی پچڕ پچڕی ژیانی نزیكەی سی ساڵ لەمەوپێشم هاتەوە یاد. لەچیای قەندیل هەندێ ڕۆژ چوار پێنج سەعات بەهەورازو نشێودا هەڵدەگەڕاینو دادەگەڕاین.

لەهۆڵی پێشوازیش پێكەوە بووین. لەبەر دۆستو ناسیاو، بواری پرسیارو گفتوگۆ نەبوو. چاوی كامێرای تەلەفزیۆنیش ڕووبەڕێكی گەورەی ئازادیت لێ زەوت دەكات. دەمەویست ڕاستو ڕەوان پێشنیاری ئەوەی بۆ بكەم: كە كاتی پشوو، لەناو ئەجیندای ڕۆژانەو هەفتانەو ساڵانەیدا جێگەی هەبێت. كارو كۆبوونەوەی ڕۆژهەڵاتییانەو سەرئێشەی بێسنوور، زیانی لەقازانجی زۆرترە.

حەوانەوەو پشوو، لەناو جەنجاڵو شەپۆلی تیرۆرو تەقینەوەدا! بەغدا كاڵەكێكی هەڵفلیقاوەو مێروولەی میلیشیای چەكدارو باندی مافیای تیرۆرو توندوتیژی مەزهەبی تێی وروكاوە.

كارەكەی مام جەلال لەوێ، كارێكی ئاسان نییە. پیاسەی ئێوارانی پاییزە لەناو كێڵگەی میندا. لەهەر كوێ بتەقیتەوە، زیان

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەپرۆسەی ئاشتی سەربڕاو دەگەیەنێتو پریشك بەر داهاتووی دیارو نادیاری ئێمەش دەکەوێت.

سەرۆکایەتی دەوڵەت بۆ کورد، قازانجی زۆری بەنەتەوەی کورد گەیاندووەو یەکێکە لەسەروەریو شانازی ئێمە، لەهەر کوێیەك بین. دوورکەوتنەوەی مام جەلال لەقەلاچوالانو دووکان، شوێنەواری خۆی جێهێشتووە. سەرکردایەتی (ی. ن. ك) ئەو راستیەی زانیوەو دەستکەوتی نەتەوەیی بەگرنگتر دانراوە، لەچاو دەستکەوتو بەرژەوەندی زۆر تەسك.

٢٠٠٧/٢/٢٧



مەکتەبی بیر و هۆشیاری



قاسمەڕەش ١٩٨٩ بارەگای (م.س)

لەچەپەوە بۆ ڕاست:

ئاسۆی شێخ نوری، مام جەلال، ئەرسەلان بایز، عومەری سەید عەلی، عەلی بچکۆل، جەبار فەرمان، شەهید عبدولرەزاق

(ئەرشیفی کاك کەریم ڕەئوف سەراج)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

( ٣ )

رۆژانە لەرومادیو بەغداو کەرکوك، هەر ئۆتۆمۆبێلی مینرێژکراوەو بەئاسماندا دەچێت، لاشەی ژنو منداڵە، پارچە پارچە دەبێت. مام جەلال بۆ کەناری دەریای کاریبیكو ئەدریاتیك بچێتو هەوای دەریا، هەڵمژێتو سەیری پانۆرامای رۆژاوابوون بکات!

رۆژانە تەنگژەی کارەباو ئاوو گرانی بازاڕ دەبیستێت، ئەو بەناو (ئینگلشە گاردن)و (شانسەسی) پیاسە بکات! مام جەلال بۆیە مام جەلالە، خۆی لەخەڵك جیانەکردۆتەوە. ئێمە نانو ئاومان نەبووە، ئەویش وەکو ئەو خەڵکە برسێتیو رووتو رەجاڵی کێشاوە. من خۆم لە (٨)ی حوزەیرانی ١٩٧٨ لەشوێنێکی سەختو رژدو بەستەڵەکی ناوچەی باڵەیان بینیومە، لاقی ترازاوەو هێندەی نەماوە لەناو هەڵدێرەکەدا هەپروون بە هەپروون بێت. دوو سێ پ. م فریای کەوتن. من ئەو کاتە کسپە لەجەرگمەوە هەڵسا.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

رۆژێکیان لە (وارمیوان) بووین. کاك ئازادی سەگرمە قاپێکی فافۆنی تێکقوپاوی رەشی لەسەر ئاگر دانابوو. تۆزێك رۆنی تێکردبوو، ناوساجی تێدا دەبرژاندن. مام جەلال گوتی: ((مامۆستا جەعفەر سەیرکە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە چەند بۆرجوازیانە پەروەردە کراون)).

لەناو تەقەو ئاگربارانو سەرماو سۆڵەدا لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بووەو بەرێکەوت بەرنەکەوتووە. بەیانیانێکی (ت٢/ ١٩٧٨) سوپای رژێم لەمامەندەو نێوزەنگ گەمارۆی دابووین. هەژدە هەلیکۆپتەری جەنگی وەکو داڵ، بەسەر سەرمانەوە دەسووڕانەوە. مام جەلال ریشی دەتاشی. یەکێك لەکۆپتەرەکان دەستڕێژێکی لەچادرەکەی کرد. سێ گوللە بەر چادرەکە کەوت، بەڵام ئەو تا ریشتاشینی خۆی تەواو نەکرد، بۆلامان نەهات.

مام جەلال شۆڕشگێڕی تاراوگە نەبوو. بەکودەتاش دەسەڵاتی نەگرتۆتە دەست. ئێستاش وڵاتی خۆی جێنەهێشتووە، تەنانەت بۆ پشکنینی پزیشکیو چارەسەری نەخۆشی نایەوێت بۆ دەرەوە بچێت.

ئەو، ئەو راستیە چاك دەزانێت زۆربەی سەرۆكو کەسایەتیە سیاسیەکان، رەنگە یەك لەدەی ئەویش خۆیان ماندوو نەکەن.

تەرخانكردنی بەشێك لەكات بۆ حەوانەوەو هیلاكی دەرچوون كارێكی ئاساییە.

لەولاتە ئەوروپیەكاندا كرێكارو فەرمانبەرو خوێندكارو سەرۆك وەزیران هەموو پشووی خۆیان هەیە. مرۆڤ چەند بیندرێژ بێت، بەبەردەوامی كاری بێپشوو، ئاسنیش دەپسێنێت. ئێمە لەم ولاتەدا خوومان بەپێشمەرگایەتیەوە گرتووە. ئەوە (١٦) ساڵە بەسەر راپەرینی مەزنی (١٩٩١)دا تێدەپەڕێت و پەرلەمانو حكومەتو فەرمانگەمان دروست كردووە، بەلام هەر زۆر زەحمەتە مالاوایی لەكەش و سروشتی پێشمەرگایەتی بكەین. من لەئەوروپادا، رۆژانی كۆتایی هەفتەم، بەناچاری بۆ سەیران و گەشت و گەڕان دانابوو. لێرە منداڵەكانم بیرم دەهێننەوە ((پشووی كۆتایی هەفتە)) كەی دێت؟

رۆژانی هەفتەو كۆتایی وەكو یەك دەخوێنمەوە، یان دەنووسم، یان كۆبوونەوە دەكەم. كاتی ئەوە هاتووە سیستەم بالادەست بێت..

مام جەلال بەڕاستی كاری سەرۆك كۆماری بەپێشمەرگایەتی دەكات.

٢٠٠٧/٢/٢٨





وارمیوان ـ قەندیل ١٩٧٨/٩/١

بارەگای سەركردایەتی (ی.ن.ك)

(ئەرشیفی نووسەر)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

(٤)

ئەحمەد وانیێك، كە یەكێكە لەئەفسانە زیندووەكانی مەفرەزە سەرەتاییەكان، مەدالیایەكی زێڕینی ١٩٧٦و كوڕێكی شەهید. پێش شۆڕش دەوڵەمەندو هەبوو بوو، ئێستا پیرو پەككەوتەو هیچ سامانێكی ئەوتۆی نییە، جگە لەوەی ناوی لەمام ئەحمەدە خۆڵەوە بۆ (ئەحمەد وانیێك) گۆڕێندراوە، چونكە لەهەر رستەیەكدا هەشت جار "وانیێك" بەكاردەهێنێت. پیاوێكی قسە خۆشو دەم بەپێكەنینو قسە لەڕوو. دەمو چاوی لەهەڵۆیەكی پیری بریندار دەچێ، كە وزەی فڕینو راوی نەمابێت.

دوێنێ پێش نیوەڕۆ، جارێكی دی بەسەردان بۆلام هات. گوتی: ((دەزانی ئەو مام جەلالە بۆ هێندە گرنگە. ماڵت خراپ نەبێت، ئەو بەزمانی (وانیێك بووش)و (وانیێك نەژاد)و (وانیێك ئەسەد)و پیرەمێردێكی بناری قەڵاتووكان، دەدوێتو یەك وشەی لێ حاسێ



مەکتەبی بیروهۆشیاری

نابێت... ئێمە تەنیا دەتوانین بەزمانی خەڵكی مەرگەو چوارقوڕنە بدوێینو لەكەوشەنی ئەو ناوچەیە تێپەڕی، بەخودای زارمان دەگیرێتو زمانمان دەچێتە كلیلەوە..)).

سنووری دەسەڵاتو پەیوەندی مام جەلال، ئاستی ناوچەییو هەرێمیو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، لەسەرانسەری جیهاندا دۆستو دڵسۆزی خۆی هەیە تا دەگاتە شێنیو بەستەسێنو باساك..

زۆر كەسایەتی ناوچەیی هەن، بنەماڵەی ناسراویان هەیەو سەروەتو سامانو هەلومەرجی گونجاویشیان بۆ هەڵكەوتووەو نەیانتوانیوە لەسنووری ناوچەو هەرێم بترازێنو پێ لەسەر شانۆی جیهانی دانێن. كوردێك، كە چارەنووس، ئەنگەر ئاسنینی جیۆپۆلتیك، سنووری ئازادیو جوڵانەوەی دیاری كردووە، هەلومەرجی بەرزبوونەوەو هەڵفڕینی هەر زۆر كەمو بەرتەسكە، چۆن توانی ببێتە یەكێك لەژمارە گرنگەكانی جیهان؟.

لەجیهاندا دەیان گەلی پارچە پارچە كراوو زوڵملێكراوی وەكو (كەتەلانیو بلوچو باسكو ئورومیاو ئەمازیغیو.. هتد) هەن، كە كەم كەس لەسەریان دەدوێتو ناویان دەهێنێت. لەم گەلانەشدا هەر زۆر زەحمەتە یەكێك هەڵكەوێتو ناوی بڕواتو لەكۆشكی سپی، فەرشی سووری بۆ رابخرێت.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

شەهید غاندی بـرام سـاڵی ١٩٧٠ دەیگوت: مـام جـەلال توانایـەکی داهێنــەرو ســەرکردەیەکی ئەفــسانەییەو هەلومــەرجی سیاســی یارمەتی نەداوە..

هەر زۆر درەنگ هاوکێشە نێودەوڵەتیە نالەبارەکان تۆزێك گۆڕا، مـام جـەلال تـوانی کێـشەی ئـازادیو سـەرفرازی گـەلێك بـەجیهان بناسێنێت.. جاران تیۆریـستە ناسـراوەکانی سیاسـەتی نێودەوڵەتی پێیـانوابوو: گـەلی کـورد بەشـێکی پـەراوێزو پاسـیڤە لەهاوکێـشە ئاڵۆزەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست. ئێـستا پێیانوایـە: بەشـێکی هـەر زۆر پێویستو مێژوویی گرنگە بۆ سەقامگیربوونی ئاشیو ئاسایش لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست..

٢٠٠٧/٣/١



مەکتەبی بیر و هۆشیاری



هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان لەبەهاری ١٩٩٢

لەچەپەوە بۆ ڕاست: مام جەلال، عەلی عەبدوڵلا، د.مەحمود، عزیز محەمەد

(ئەرشیفی کاك کەریم ڕەئوف سەراج)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

( ٥ )

نەبەرزیو نەنزمی بارمۆمیتر بەدەست ئێمەیە، نەبەرزیو نەنزمی ورەو گەشبینیو رەشبینی. من زۆر خەڵکم بینیوە، رەشەبایەکی بچووك، ئەستوندەکی تاوڵی هیوای شکاندووەو سەری دونیای لێ هاتۆتەوە یەك. من لەزۆر هەورازو نشێو مام جەلالم بینیوەو زەردو ماهو هەڵمووتیشم بینیوە.

جیاوازی مام جەلال لەگەڵ خەڵکی تر ئەوەیە، ئەو هەمیشە وەکو هەڵۆ سەیری لوتکەو دوندی هەزار بەهەزاری کردووە. من لەزۆر زریانو باوبۆراندا بینیومە، ئەو هەر گەشبینو دەم بەپێکەنینو ورە بەرزبووە: هیچ گوێی بەپەلامارو گەمارۆو برین نەداوە. ئەو هێزەی ئێستا لەبن ئالاکەی کۆبۆتەوە سێ ساڵ لەمەوپێش بەو شێوەیە نەبووە. هەرهەموومان لەبن چەند دەوەنێکدا جێگەی خۆمان دەکردەوە. بەیەك دوو تێشووە نانیش هەموومان سێ چوار رۆژ تێرمان دەخوارد.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

من خۆم بینیومە، لەماوەیەکی زۆر کورتدا هەرە نزیکەکانی، یەك لەدوای یەك، شەهید بوون. هەر رۆژە هەواڵێکی جەرگبڕو هەر رۆژە کۆستێك دەکەوت. هەموو گیانمان برین بوو تاقیگەی گوڵاڵە سوورە. داڵو سیسارکە کەچەڵە بەسەر سەرمانەوە دەسووڕانەوە. مام جەلال ئەو کاتەش بیری تەنیا لای فراوان کردنەوەی بازنەی شۆڕش بوو. تەنانەت لەو رۆژە رەشانەدا دەیگوت: ((سەرجەمی مێژووی شۆڕشەکانی کورد بخوێنەوە، لەکاتی تێکشکانو داڕووخاندا، کەم لەسەرکردەکان لەناو سەنگەردا کوژراون. ئەمجارەیان ئێمە دەبێ لەسەر خاکی ئەم وڵاتەدا بکوژرێین)).

ئەم ڤینو ویستە بێوێنەیە سەرکەوتنی دروست کردو مام جەلالی گەیاندە لوتکە. شەڕی ئێمە لەگەڵ سوپای رژێمی پێشوودا، لەهەموو روویەکەوە پۆپەی نابەرامبەریبوو. کادرێکی ورە رووخاو، بەشەهید شاهۆ (حەمەی تەلە)ی گوتبوو: ((ئەرێ حەمە، شاخی زەردە، بەدەرزی کون دەکرێت؟)) شاخی زەردە، بەرزترین شاخی قەرەداخەو شاهۆ بەزەردە نەبوایە، پشتی بەهیچ کوێ نەدەبەست. داخی گرانم حەمە لەژیاندا نەماوە بەچاوی خۆی ببینن، کە چۆن دەرزیی شۆڕشی گەلی کوردستان، شاخی ئەنفالو کیمیایی بارانی کون کردو هەرەسی پێهێنا!

٢٠٠٧/٣/٣

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

## ( ٦ )

مام جەلال دوو سیفەتی لەخۆیدا كۆكردۆتەوە، كە زۆر دەگمەن لەخەڵكی تردا كۆدەبنەوە. یەكەم: مۆدێرن. دووەم: كارێزما. مەبەستم ئەوە نییە بڵێم: تەنیا هەر ئەو سەركردەیەكی مۆدێرن و كراوەیەو خەڵكی تر نامۆدێرن و بەجێماوو داخراون. كاتێك دەنووسم خاوەن كەسایەتیەكی كارێزمایە، نامەوێ ئەو راستیە روونە دووپات بكەمەوە، كە تەنیا یەك كەس لەم وڵاتە پان و بەرینەدا كارێزمای هەیەو كەسی تر ئەو سیفەتەی نییە.

من لەبۆنەیەكدا ساڵی (٢٠٠٠) نووسیومە: ((بارزانی زمانی ئاخاوتنی جووتیارانی دەزانی، لەناویاندا خەرمانەیەكی بەسامو شكۆی ئەفسانەیی، بەدەوریدا كێشرابوو. سامانی كولتووری ئایینی/ عەشایەری و شێوەی هەڵسوكەوت و هەڵوێست و دووان و سەیركردن،



مەكتەبی بیر و هۆشیاری

زەمینەی دەسەڵاتی كارێزما (Charisma)ی بۆ خۆش كردبوو...)) چەند كەسێك بەبێ ئەوەی لەچەمكی كارێزما تێگەیشتبن، هەر لەخۆوە لێم چوونە سەنگەرەوەو هەر یەكە دەیەوست رێژنەیەك پرسیاری دەمو چاو قوپاو بوروژێنێت..

من تا پێمبكرێت خۆم لەتەفسیراتی ئایدیۆلۆجی پەڕو باڵ سووتاو دەپارێزم و بۆ هەر دیاردەیەك هەوڵ دەدەم لەڕوانگەیەكی تیۆری و زانستیەوە تێیبگەم. شلكردنەوەی جڵەوی سۆز زیانمان پێ دەگەیەنێت.. لێرەدا نامەوێ لەسەر سەرجەمی پێناسەكانی ماكس ڤێبەر و كەسانی دوای ئەو لەسەر كارێزما بنووسم: كەسایەتیەك كارتێكردنی رۆحی بۆ سەر كۆمەڵانی خەڵك، بگاتە ئاستی سیحرو بڕوابوونی موتڵەق و دەسەڵاتی سەرووی قانوون و رێسای ئاسایی بێت، ئەوە ناوی چی لێ دەنرێت؟

مهاتما گاندی، ئەگەر بەجل و بەرگ و سەروەت و سامان بێت، ناتوانیت لەگەڵ سواڵكەرێكی دەوڵەمەندیش بەراوردی بكەیت: دەستێك جل و بەرگی گوێنی و بزنە لاتێك و گۆچانێك و هەر بەو شێوەیە رێگەی درا لەناو لۆردەكانی پەرلەمانی بریتانی خوتبە بدات. بەئاماژەیەكی ئەو، بەملیۆن كۆمەڵانی خەڵك، بەشەپۆل دەڕژانە سەر شەقامەكان. كاتێك ساڵی (١٩٧٩) ئایەتوڵڵا خومێنی بۆ ئێران گەڕایەوە، نە (جامی جەم) و نە (تاجی كەی) بوو.

بەقسەیەکی ئەو خۆپیشاندانی پێنج شەش ملیۆنی دەکرا. من ئەو ماوەیە (١٩٧٩/٣/١) سەردانێکم کرد، نەژووری تایبەتو نەپاسەوانم بینی. دوو سێ حەسیری نایلۆنو دۆشەکی ئیسفەنجی لەسەر راخرابوو. ئێمەش بەتەنیشتیەوە چوارمشقی دانیشتینو قسەمان لەگەڵدا کرد. زۆرجار شاو مەلیك کارێزمایان نییە. ئەو هەموو هێزی پاسەوانو تانكو هەلیکۆپتەرو ئاهەنگی پێشوازییە ناتوانێت کارێزما دروست بکات. کەچی دەبینیت لەناو گوندێکدا کوێخاو مەلاو شێخو سەرۆك عەشیرەتێك لەناوچەکەی خۆیاندا کارێزمایان هەیە. کارێزما پۆستی رەسمی نییەو لەرۆژانی کارەساتو لێقەوماندا دروست دەبێتو یەکێکی نەناسراو دەبێتە پاڵەوانو رزگارکەر (المنقذ) (المنتظر) (مسیا) و کەس ناتوانێ لەقسەی دەربچێت.

٢٠٠٧/٣/٦





کۆبونەوەی بەرفراوانی کادرانی گشتی (ی.ن.ك) لە (م.س) لەقاسمەڕەش لەساڵی ١٩٨٩
(ئەرشیفی کاك کەریم ڕەئوف سەراج)

( ٧ )

ڕۆژێکیان لەبن دارگوێزێکی بەساڵاچوودا، لەگەڵ حەمە ئاغای بارێ، دانیشتبووین. هەر یەکە چایەك و چەند کلۆیەك قەندمان لەبەردەستدا بوو. تەپو تۆزی هەرەسی (١٩٧٥) نەڕەویبۆوە. ئەو دۆستێکی نزیکی مەلا مستەفای بارزانی بوو. منیش کتێبەکانی جەنرال جیابو چی گیڤاراو دۆبرەم لەبەربوون. ئەو تەمەنی سەروی پەنجا ساڵو ئاغایەکی دەوڵەمەندو ناسراوی ناوچەکە بوو. منیش بیستو دوو ساڵان بووم.

ئاغا گوتی ((کورد هەرەسو تێکشکانی قورسو دڵتەزێنی وای بەخۆیەوە نەبینیوە..)) من گوتم: ((ئەگەر ئێمە سەرلەنوێ خۆمان ڕێکبخەینەوەو جوڵانەوەیەکی تر بکەین دەتوانین سەرکەوتنی گەورەتر وەدەست بهێنین..)) ئەو گوتی: ((من بڕوام بەحیزبو میزب نییە. تازە ئەم گەلە بەکەس هەڵناخڵەتێو



شوێنی کەس ناکەوێ. کارەساتەکە زۆر گەورەو گرانە. ئەم میللەتە تەنیا بەدوو کەس هەڵدەخڵەتێ: مەلا مستەفاو مام جەلال. ئەم دووانە نەبن خەڵکیان لێ کۆدەبێتەوە، خەڵك لەکەسی تر کۆنابێتەوە..)).

قسەی پیاوێکی ژیرو دنیادیدەو بەئەزموون، چەند لەقسەی کەسانی سیاسیو بەرژەوەند پارێز، گرنگترە. ئەو نەیگوت ئەم، یان ئەوا! هەردووکیانی بەپێویست دانا. هەر حیزبێك قازانجو دەستکەوتی چۆن بڕوات، ئەوا سەرجەمی سوپای ڕاگەیاندنو میدیای خۆی دەبزوێنێت. ئەوەی ڕاستی بێت، گەلانی تر شانازی تەنیا بەیەك کەس، یان دوو، یان سێ کەسەوە ناکەن. هەر گەلێك خۆی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی خۆی دەناسێتەوەو کەسی لێ زیاد نییە، مەگەر یەکێك شووڵی لێ هەڵبڕیبێتو سنووری ڕێگەپێنەدراوی تێپەڕاندبێت.

سەبارەت بەسڕینەوەی دەوری کەسایەتیەکی مێژوویی گەورە، ئەوە تەنیا مێژوو خۆی بڕیاری ڕاستەقینەی لێدەداتو ئەو کارە سەرووی دەسەڵاتی سیاسیەو هەورازی دەسەڵاتی سیاسیو حوکمی مێژوونووسی نابابەتییە.

٢٠٠٧/٣/٦

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری



**کانی ماران ـ ١٩٦٣**

**مام جەلال و بەرزانی ( ئەرشیفی کاك سەلاح رەشید )**

## (٨)

ئێمەی ڕۆژهەلاتی ناتوانین دیموکراتیانە بیر بکەینەوە. هەموومان خۆمان بەدیموکرات تێدەگەینو لەهەمان کاتدا پێمان باشە سەد لەسەدی دەنگەکان بۆ ئێمە بێتو کەس هاوپشکمان نەبێت. حەز دەکەین تەنیا خۆمان لەسەر گۆڕەپانو شانۆی سیاسیدا بین. ئێمە پێمان وایە، تاقە یەك هێزی سیاسیو دەسەلاتی بەدەستەوە بوو، ئەوە سەرکەوتن مسۆگەرەو ئەگەر بەسەر بیستو پێنج حیزبدا دابەش بووین، ئەوە هەرەس دەهێنین. مێژوو پێچەوانەکەمان بۆ دەسەلمێنێت.

نازیەکانی ئەڵمانیا (١٩٣٣ ـ ١٩٤٥) و فاشیەکانی ئیتالیا بواریان بەئازادی کاری سیاسی نەداو هەرەسیان پێیان هێنا. ڕژێمی بەناو سۆسیالیستەکانی پاکتی وارشۆ سیستمی تاکە حیزبی بوون، بەڵام



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

وەکو ئاردی ناو دڕکیان لێهاتو هەر بەچەپڵەڕێزان هەرەسیان پێیان هێنا. قسەیەکی بەناوبانگی ئۆلف پالمێ هەیە: ((ئێمە نامانەوێ پتر لە ٤٠٪ی دەنگەکانی گەلی سوید بهێنین. ئەو ڕێژەو ئاستەمان تێپەڕاند، ئەوە مەترسی خۆسەپاندنی ڕژێمێکی دیکتاتۆری هەیە..)). مام جەلال نەك تەنیا بەقسەو تیۆری لەبۆچوونو پرنسیپە دیموکراسیەکانی پالمێ نزیکتربووە، بەڵکو بەکردەوە لەناو شەپۆلانی دواکەوتنو کولتووری زەبرو زەنگو یەکتر نەخوێندنەوەدا، هەوڵی داوە لەپڕۆسەی کاری هاوبەشو بینای کۆمەڵی مەدەنیو دیموکراسیدا، تیۆری چەپکە گوڵ لەبەرچاو بگرێتو هەر گوڵێك لەباخێك هەڵبژێردرابێتو هەر گوڵە ڕەنگێکی هەبێت.

٢٠٠٧/٣/٦



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

## (٩)

کەسایەتیە مەزنەکانی مێژوو دووبارە نابنەوە. دووبارەش بوونەوە، مەرج نییە کتومت، لەهەموو شتێکدا، وەکو یەك بن: بیتهۆڤن یەکجار لەدایك دەبێت. یەك لیۆناردۆ داڤینشی دەتوانێ وێنەی مۆنالیزا بکێشێت. یەك ناپلیۆن بۆناپارت.. یەك گوێتە.. یەك مارکس.. یەك مۆتسارت..

مام جەلال خاوەن کۆمەڵێك بەهرەو توانای کەموێنەیە، کە خۆی خاوەنیەتی، نە لەباوكو باپیرو بنەماڵەوە بۆی بەجێماوەو، نە لەهێزێکی سیاسی گەورەوە پێیبەخشراوە. من هەر بەئەزموونی خۆم ئەو راستیە چاك دەزانم: مەرج نییە هەرکەسێك نووسەرێکی بەناوبانگ بوو، ئیدی دەتوانێ خوتبەی ئاگرین بدات. ئەوەی خوتبەی باشی دا، مەرج نییە ئیدارەی چکۆلەترین کۆبوونەوە



مەكتەبی بیر و هۆشیاری

بکات. ئەوەی ئیدارەی کۆبوونەوەیەکی کرد، مەرج نییە دیپلۆماسی بێت... هتد.

من بۆ خۆم دوو نامەم نووسی، رەنگە ئەو رۆژە نەتوانم ئێوارە کۆڕێك بگێڕم. ساڵی ١٩٨٠ مام جەلالم بینیوە، هەر لەبەیانی زووەوە تا دەمەو ئێوارێ، سەرپەرشتی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کردووە. ئێوارە هەژدە نامەی دووروودرێژی بۆ سەرۆك کۆمارو کەسایەتیە گەورەکانی ناوچەکە نووسیوە (حافز ئەسەد، قەزافی، یاسر عەرەفات، جۆرج حەبەش... هتد).

هەڵبژاردنی مام جەلال بۆ سکرتێری گشتی (ی. ن. ك) پەیوەندی نەبووە بەتەمەنو سەروەتو سامانو ژمارەی هێزی چەکدارەوە. ئەو لەناو هەڤاڵەکانیدا، بەئەزموونترینو قاڵترین سەرکردەبوو. لەرووی تیۆریو زانیاری سیاسیەوە شارەزاترین کەس بوو. لەپەیوەندی دەوڵەتیو ناوچەییدا، خاوەن چڕوپڕترین پەیوەندیو رایەڵ بوو..

ئەو لەچاو هەموو هەڤاڵەکانیدا، چالاکترو دەست رەنگینترو هەڵسووڕاوتر بوو. پاش نزیکەی (٣٠) ساڵ لەیەکترناسینو پێکەوە کارکردن، هەروەکو خۆیەتیو چالاکترو بەبەرهەمترە.

٢٠٠٧/٣/١٢

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

(١٠)

دەڵێن: (داری زڕ، کەس بەردی تێناگرێت) لەماوەی نیو سەدەی رابوردوودا، کەم ناو ئەوەندەی ناوی مام جەلال لەسەر زارانو ئەوەندە قسەی لەسەر کراوەو لەسەری نووسراوە. لەمێژوودا، هیچ کەسایەتیەك هەڵنەکەوتووە، تەنیا ستایش بکرێتو تەنیا پیاهەڵبدرێت، هەر لەداراو ئیسکەندەرەوە تا تۆنی بلێرو جۆرج بوش.

جێگە پەنجەی مام جەلال بەمێژووی پەنجا ساڵەی گەلی کوردستانو عیراقو ناوچەکەوە دیارە. بێگومان مام جەلال ئەم مام جەلالە نەبوایەو لەجەنجاڵی کاری سیاسیەوە دووربوایە، ئەو شەپۆلی لافاوی ستایشو رەخنەو پیاهەڵدانو پیاهەڵنەدانە، رەنگە دوور بەدووریش نیو دڵۆپەشی بەرنەکەوتایە!



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کەسێك بڕیاری دا، لەسەنگەری پێشی پێشەوە بێتو ئەشکەوتە چۆڵو هۆڵەکانی کردە کۆشكو تەلارو لەخۆشیو ناخۆشیدا بن بەردو دارگوێزو دەوەنەکانی جێنەهێشت. ئەو فیداکاریو خوڕەی قەڵبەزەی گوڵاڵە سوورە، تاجی سەرکەوتنی لەسەرنا. ئەو جۆگەی فرمێسكو خوێنە، بەفیڕۆ نەچوو. ئەوەی لەلایەن داگیرکەرانەوە بەخەون دادەنرا، هاتەدی...

دیارە مام جەلال ئەمڕۆ یەکێکە لەسمبوڵە گرنگەکان. پەرۆشی خەڵك بۆ ئەو، پەرۆشیە بۆ سمبوڵ: سەرکەوتنو بەدیهاتنی چەند بەشێکی گرنگ لەئاواتو خەونەکان.. پەرۆشی ئەو خەڵکە پەرۆشیەکی راستگۆیانەیەو هەر یەکە دەیەوێت بەجۆرێك دەریبڕێت.. هیوادارم هێزە سیاسیەکان لەو پەرۆشی هەژانو دڵەخورپەیە تێبگەن.

٢٠٠٧/٣/١٤

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

(١١)

یەكێك لەنەوەكانی بسمارك ساڵی ١٩٩٢ پرسیاری ئەوەی لێكرا: ((بۆ لەناو بنەماڵەی ئێوەدا، كەسایەتیەكی تر پاش ئۆتۆفۆن بسمارك دەرنەكەوت؟)) بەرسیقی ئەو پەندێكی ئەڵمانی بوو: ((لەسێبەری داری گەورەدا، هیچ ناڕوێت)). ئەگەر ئەم پەندە بۆ باوكی یەكگرتنەوەی میرنشینەكانی ئەڵمانیا راست بێت، ئەوە بۆ مام جەلال راست نییە.

دوو خاڵی هاوبەش لەنێوان مام جەلالو بسماركدا هەیە: ١. لەناو پەرلەماندا بسمارك لەهەر كوێ دانیشتبێت، هەرچی چاوی پەرلەمانتار هەیە رووی لەو گۆشەیە بووە، كە ئەو لێی دانیشتووە. مام جەلالیش لەهەركوێ دانیشتبێت، سەرنجی خەڵكەكەی بۆ لای خۆی راكێشاوە. ٢. بسمارك پیاوێكی



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

بەهیممەتو بوێر بوو، هیچ گوێی بەژمارە كەمیو قورسی ئەركەكان نەداوە.

هەر كەس مێژووی خەباتی سیاسی مام جەلال بزانێت، دەزانێت چۆن خۆی پێگەیاندووە.

جیاوازی نێوان مام جەلالو بسمارك ئەوەیە: ئەو پیاوێكی ئاسنین بوو. مام جەلال پیاوێكی ئاسنین نییە. لەكاتی خەباتی چەكداریشدا، هەمیشە دەرگای بۆ دیالۆگو گفتوگۆ لەسەر پشت بوو.

مام جەلال تاقە دارێكی دەشتو بیابان نییە، هیچ دارستانو شینایی لێوە نزیك نەبێت. گەلێكی بەوەفاو رێكخستنێكی تۆكمە پشتیوانی لێدەكات. یەكێتی رێبازێكی روونی هەیەو بەرنامەی هەیە بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە. راستە مام جەلال ئەمڕۆ لەكوردستانو عیراقدا درەختێكی بەرداری گەورەیە، بەڵام لەسێبەری ئەودا زۆر درەخت شین بووەو هەر یەكە گرنگی خۆی هەیە.

٢٠٠٧/٣/١٥

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**( ١٢ )**

یەکەمین یەکتر بینینو یەکتر ناسینی مام جەلالو من دەگەڕێتەوە بۆ رۆژی (٥)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٧٨). ئەو کاتە ئەو لەگەڵ ژمارەیەك (پ. م) لە (دوڵ بلوێر) گیرسابووەوە. یەکەمین وانە: خۆناسینەوە بوو. من تازە بەئەندامی ناوەندی ـ کۆمەڵە هەڵبژێردرابووم. ئەو نزیکەی چارەکە سەدەیەك، پێش ئەم کاتە ئەندامی سەرکردایەتی حزبێکی جەماوەری ناسراو بوو.

ئەو گوتی: ((یەکێك، کە دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی، دەبێ ئەوە بیری خۆی بەرێتەوە پێشتر چی بووە. دەبێ لەمەودوا وەکو رێبەرو سەرکردەو بەرپرسیاری هەموو گەلی کوردستان بیر بکاتەوەو هەڵسوکەوت بکات، نەك وەکو هاووڵاتییەك، کە هیچ بەرپرسیارێتییەکی ئەوتۆی لەئەستۆدا نەبێت. یەکێك پێشتر



مەکتەبی بیروهۆشیاری

دکتۆر، یان ئەندازیار، یان مامۆستا بووبێتو تەنیا بەرپرسیارێتی کەرتێك، یان یەکەیەکی ئیداری زۆر بچووکی لەئەستۆ گرتبێت، هەر زۆر لەگەڵ کاری سەرکردایەتی جیاوازە، کە بازنەی ئاسۆیی و ستوونی بەرپرسیارێتییەکی هەر زۆر بەرفراوانەو هەموو گەل دەگرێتەوە..)). من مام جەلالم لەنزیکەوە بینیوەو زۆر سەرکردەی تریشم لەنزیکەوە بینیوە. دیارە من دەمەوێ لەئاوێنەی مێژوودا، هەر یەکە هەڵسەنگێنمو لەگەڵ یەکتردا بەراوردیان بکەم. ئەگەر ئێستا بازنەی بەرپرسیارێتیەکەی ئەو بەسەر کوردستانو عیراقو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابەش بووە، بەگوێرەی هەلومەرجی هەنوکەیی، دەیەوێت هاوکێشەیەکی دیموکراتی مۆدێرن سەقامگیر بێت. ئەو زەمانەش هەروا بووە. بەبەردەوامی لەگەڵ سەرۆك دەوڵەتو سەرکردەی هێزە سیاسیەکان لەگفتوگۆو پەیوەندیدا بووەو یەك چرکەش جەمسەری هاوکێشەی لەبەرچاو بزر نەبووە.

مام جەلال ئەوساش خۆی لەدروشمی ناواقیعی زەردو سوور دەپاراستو دژی ئەوە بوو، خۆمان لەگۆشەیەکدا بخزێنینو دەرگای دیالۆگ لەخۆمان داخەین. سەرکردەشم بینیوە، سنوری بیرکردنەوەی، بازنەیەکی بچکۆلەی داخراوی شانەکانی حزبو لوولەی تفەنگی مەفرەزە چەکدارەکانی، تێنەپەڕاندووە. سەرکردەیەك نەتوانێ کەوشەنی جغزی دەستکرد ببەزێنێت، کە

تێیدا سەری لەهێلکە چوقاندووەو پەروەردە بووە، ئیدی چۆن دەتوانێ لەئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو پەیوەندی نێودەوڵەتی پڕ بکاتەوە؟ یەکێك لەوەرەقە براوەکانی دەستی مام جەلال ئەوە بووە، نەیویستووە تەنیا لەدەرگایەکەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بچێت: هێزێکی سیاسی گەورەی پێکهێناوە، دامەزراوەی پێشمەرگەیی شەڕی پارتیزانی دامەزراندووە، پەیوەندی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ناوچەکە بەستووە، لەدەرگای زلهێزەکانی دونیای داوە.. لەم رێگە جیاوازانەوە نەبوایەو تەنیا ملی یەك رێگەی بگرتایە، ئەو رێگەیە نەدەگەیشتە "بانە".

مام جەلال لەیاری شەترەنجدا، بەگوێرەی بارودۆخی هەردوولا پلانی خۆی دادەڕێژێت: قەڵاو فیلو ئەسپو وەزیرو سەربازەکان بەرەو ئاڕاستەیەك كۆدەكاتەوە، هەر ئەوەندەت زانی گوتی "کش مەلیك!".





**مام جەلال و جەمال حەکیم**

(ئەرشیفی کاك سەلاح ڕەشید)

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

( ١٣ )

هۆڵەندیو ئەڵمانەکان، لـەنێوان خۆیانـدا سـوعبەتو گاڵتەوگـەپ بەیەکتر دەکەن. هەر بـۆ نموونـە، هۆڵەندییـەك بیـەوێت ئـەڵمانێك تۆزێـك تـوورە بکـات، دەڵێـت: ((وڵاتەکـەی ئێمـە دەشـتاییە، ئێمـە دەتـوانین زۆر دووربـین بـین.. ئێـوە وڵاتەکـەتان شـاخاویو هـەردو جەنگەڵـستانە، هەمیــشە بەرچــاوتان گــیراوەو توانــای پێــشبینی کردنتان کەمەو هەر زۆر کورت بینن...))

هـەر بەڕاسـتی پەیوەندییـەکی زۆر سـەیر لـەنێوان تۆپۆگرافیـای سروشـتو سروشـتی سیاسـیو کۆمەڵایـەتیو فەرهەنگیـدا هەیـە. لەناوچە دەشتاییەکاندا ، ئیدارەی بەهێز پێویستە بـۆ خۆپاراسـتن، لەوێ پێکهاتەی عەشیرەت گەورەیەو هـۆزو تـیرەی بـچووك نـاتوانن بەبێ پشتو پەنا، خۆیان رابگرن.



سەرنجی تۆپۆگرافیـای کوردسـتان بـدەین: یـەك رووبـاری مـەزن، یەك دەشتی مەزن، یەك شاخی مەزن بەرچاو ناکەوێت. چەندین رووبار، چەندین زنجیرە شاخو چەندین دەشت هەیە. ئەم سروشـتە لەسـەردەمی کۆنـدا، رێگـەی لـەدایکبوونی یـەك دەوڵـەتی گـەورەی نـەداوە. میرنــشینێکی بــچووك نــەیتوانیوە رووبــەڕووی ســوپای جەنگیزخانو هۆلاکۆ بوەستێت.

